وقـــائـــع كـــوردســـتان

وەقـــايـــعی کـــوردســـتان

وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

ژمارە :١٤٣٤٢ لە ٢٠١١/١٠/٦

## ڕێنمایی ژمارە ( ٨ ) ی ساڵی ٢٠١١

## پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی پرۆژەی خانووی پلاستیکی

مەبەست لە دامەزراندنی پرۆژەی خانووی پلاستیکی ، بەرهەمهێنانی جۆرەکانی سەوزەوات بەشێوەی پارێزراو وکۆنترۆڵ کراو بەشێوەیەك کە لە هەموو وەرزەکانی ساڵ بەرهەمی سەوزەوات لـە ناوخۆ بەرهەم بهێنرێت بە بەکارهێنانی ڕێگا و تەکنەلۆجیای نوێ ، وەهەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و هونەری جوتیاران و وەبەرهێنەران بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی و کۆنترۆڵ کردنی دەرد و نەخۆشی یەکان لەم پرۆژانەدا .

### مەرجی پێویست بۆ پێدانی مۆڵەت :

١- پێشکەش کردنی بەڵگەنامەی خاوەنداریەتی زەوییەکە .

٢- پێویستە شوێنی پرۆژەکە و پارچە زەوییەکە گونجاوبێت بۆ چاندنی داپۆشراو لە ڕووی هەڵکەوتی جوگرافی و کەش و هەواوە .

٣- دەبێت ڕووبەری زەویی پێویست بۆ پرۆژەکە لە (٣) سێ دۆنم کەمتر نەبێت .

٤- پێویستە کۆی ڕووبەری بەکارهێنراو بۆ خانووە پلاستیکی یەکان لە (٢٥٠٠) مەتر دووجا کەمتر نەبێت .

٥- پرۆژەکە (٧٥) مەتر لە ڕێگای سەرەکی و (٢٥٠) مەتر دووربێت لەشوێنی نیشتەجێ بوون و ئاوەدانی .

٦- پێویستە ئەو کەل و پەلانەی بەکاردەهێنرێن گونجاو بێت لەگەڵ مەرجە هونەرییەکان کـە لەلایەن وەزارەتەوە دیاریکراون وە ستاندارد بن .

٧- پرۆژەکە سەرچاوەی ئاوی بەردەوام و پێویستی هەبێت .

٨- چاندنی چواردەوری پرۆژەکە بە نەمامی گونجاو ، بەمەبەستی دروست کردنی باگێرەوە ( مصدات الرياح ) .

جمیل سلێمان حیدر

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

**وەزارەتی كشتوكاڵ وسەرچاوەكانی ئاو**

**ژمارە : ٣١٦٧ لە ٢٠١٥/٤/٨**

پاڵپشت بە برگەی ( ٤ و١٣ ) لە ماددەی دووەم لە یاسای وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٠ ئەم رێنمایەی خوارەوە مان دەركرد .

**رێنمایی ژمارە ( ٤ )ی ساڵی ٢٠١٥**

**تایبەت بە پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی باخی مێوە**

**ماددەی یەكەم :** پێناسەی زاراوەكان :

وەزارەت : وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو .

بەڕێوەبەرایەتی گشتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵی پارێزگاكان و ئیدارە سەربەخۆكان .

بەڕێوەبەرایەتی باخداری : مەبەست بەڕێوەبەرایەتی باخداری یە لەناو پەیكەری ب .گ كشتوكاڵ لە سنوری پارێزگاكان و ئیدارەسەربەخۆكان .

باخ : زەوی چێندراو بە هەموو جۆرە ئەمامێكی بەردارە لە یەكەی رووبەری رێگە پێدراو .

**ماددەی دووەم :**

مەرجە یاساییەكانی زەوی بۆ دامەزراندن :

١- رێگە دەدرێت بە دامەزراندنی باخ لەسەر زەوی مولك یان زەوی ئەمیری كە مافی بەكارهێنانی هاووڵاتیانی لە سەرە ،بە مافی رەفتار كردن یان گرێبەستی كشتوكاڵی هەمیشەیی یان بە بریاری دابەشكردن بە پێی یاسای چاكسازی كشتوكاڵی ژمارە (١١٧)ی ساڵی ١٩٧٠ و یاسا بەركارەكانی دیكە .

٢- ئەگەر زەویەكە (مشاع) بوو ، ئەوا پێویستە رەزامەندی هەموو هاوبەشەكانی لەسەر بێت بەفەرمی .

٣- ئەگەر داواكار گرێبەستێكی یاسایی هەبێت لەگەڵ هەر فەرمانگەو دامەزراوەیەكی خاوەن زەویەكە بەمەرجێك گرێبەستی بە كرێدانی درێژخایەن بێت .

٤- زەویەكە دەبێت سەرچاوەی ئاوی مسۆگەری هەبێت ئەگەر بۆ باخی بەراو بێت .

٥- رێگا نادرێت بە دامەزراندنی باخ لەسەر ئەو زەویانەی كە بەكار دەهێنرێت بۆ چاندنی بەروبومی ستراتیجی بە تایبەتی لە زەویە دەشتاییە تایبەتی و دیارەكانی هەرێمی كوردستان كە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی كشتوكاڵی پارێزگاكان دیار دەكرێت .

**ماددەی سێهەم :**

مۆڵەت دەدرێت بەدامەزراندنی باخ لەسەر ئەو زەویانەی ( تسویە ) نەکراون بەم مەرجانەی خوارەوە :

١- پشتگیری فەرمانگەی کشتوکاڵی ناوچەکە / بەشی زەوی وزار .

٢- پشتگیری ئەنجومەنی گوند لەگەڵ (٢) شاهیدی بەتەمەنی دانیشتوی هەمان گوند .

٣- زەوی هێلکاری (مرتسم)ی هەبێت لەلایەن رووپێوی کشتوکاڵی ناوچەکە و راستاندنی بۆ بکرێت لەلایەن فەرمانگەی کشتوکاڵی ناوچەکە .

**ماددەی چوارەم :**

رووبەری رێگەپێدراو :

١- دەبێت رووبەری لە ( ١,٥ ) دۆنم کەمتر نەبێت بۆ ناوچە شاخاویەکان .

٢- دەبێت رووبەری لە ( ٥) دۆنم کەمتر نەبێت بۆ ناوچە دەشتاییەکان .

٣- رووبەری دیاریکراو لە دەرەوەی سنووری شارەوانی بێت .

**ماددەی پێنجەم :**

میکانزمی داواکردنی مۆڵەت :

١- داواکار داوا پێشکەش دەکات لە رێگەی هۆبەی باخداری لە بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ناوچەکە بە دیاری کردنی رووبەرو نیازی داواکار لە جێ بەجێ کردنی چالاکی لەسەر زەویەکە.

٢- داواکە بەرز دەکرێتەوە بۆ بەرێوەبەرایەتی باخداری .

٣- پاش نۆرین لەلایەن هۆبەو بەشە تایبەتمەندەکان ، لە بەرێوەبەرایەتی باخداری نوسراو دەکرێت بۆ لایەنە پەیوەندارەکان بۆ وەرگرتنی رەزامەندی کە بریتین لە فەرمانگەکانی (سامانە سروشتیەکان ،کارەبا ، شوێنەوار، رێگاوبان ) لە ناوچەکە.

٤- پاش وەرگرتنی رەزامەندی لایەنە پەیوەندارەکان ( رێگەپێدانی )پێدەدرێت لەلایەن بەرێوەبەرایەتی باخداریەوە بۆ دامەزراندنی باخەکە .

٥- رێگە پێدان تەنیا بۆ یەك ساڵ بێت و لەم ساڵە دەبێت هەموو کارە هونەریەکان ئەنجام بدات لە چاندن و پەرژین ..

٦- دوای جێ بەجێ کردنی هەموو کارە ئەندازەیی و هونەریەکان ( رێگا پێدان)ـەکەی بۆ دەکرێت بەمۆڵەت .

مادەی شەشەم :

پێویستە خاوەن باخ پەیوەست بێت بە ڕێنماییە هونەریەکانی تایبەت بە دامەزراندنی باخی مێوە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی باخداریەوە دەردەچێت .

مادەی حەوتەم :

١- هەر ( ٣ ) ساڵ جارێك مۆڵەتەکە نوێ دەکرێتەوە و لەکاتی نوێ نەکرنەوەش :

أ - غەرامە بکرێت بۆ هەر ساڵێك لە دواکەوتن بە ( ٥٠,٠٠٠ ) دینار .

ب - ئەگەر بەردەوام بوو ، دوای ( ٦ ) ساڵ لە نوێ نەکردنەوە مۆڵەتەکەی بە هەڵوەشاوە دادەنرێت .

٢- ئەو باخانەی لە ساڵانی ڕابوردوودا مۆڵەتەکانیان نوێ نەکردۆتەوە ، بەفەرمی ئاگادار دەکرێنەوە و پاش تێپەر بوونی یەك ساڵ لە ئاگاداری یەکە لە کاتی نوێ نەکردنەوەی مۆڵەتەکە ،برگەی (١)ی هەمان مادەی ( حەوتەم ) یان بەسەردا دەچەسپێت .

٣- ئەگەرخاوەن مۆڵەت ویستی هەر گۆڕانکاریەك بکات لە باخەکەدا ، دەبێت پێش وەخت بەڕێوەبەرایەتی باخداری لێ ئاگادار بکاتەوە .

مادەی هەشتەم :

بەمەبەستی نۆرینی هەر زەوییەك و بریاردان ، لە سنووری کاری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ، لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی باخداری و ئەندامیەتی نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی زەوی و زارو رووپێوێك پێك دێت بۆ پشکنین و نۆرینی ئەو زەوییەی باخی لەسەر دادەمەزرێت و ساڵانە سەرۆك و ئەندامانی ئەم لیژنەیە دەگۆردرێت .

مادەی نۆیەم :

ئەم کرێیانەی خوارەوە وەردەگیرێت لە کاتی ئەنجامدانی ئەو کارانەی بەرامبەریان دیار کراوە :

٢٥,٠٠٠ دینار ( کرێ ی پشکنینی زەوی )

٧٥,٠٠٠ دینار ( کرێ ی دەرهێنانی مۆڵەت )

٥٠,٠٠٠ دینار ( کرێ ی نوێ کردنەوەی مۆڵەت )

مادەی دەهەم :

پاش بلاوکردنەوەی ئەم ڕێنمایی یە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت .

عبد الستار مجید

وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

وەزارتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو

ژمارە: ١٦٥٣ لە ٢٠١٩/٣/٣١

پاڵپشت بەبڕگەی (سێیەم) لەماددەی (پێنجەم) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٠ و بەندی یەکەم لە ماددەی یازدە و ماددەی (بیست و پێنج)ی یاسای دارستان لە هەرێمی کوردستان - عێراق، ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٢ ئەم ڕێنماییەی خوارەوەمان دەرکرد:-

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٩
## پێدانی مۆڵەت بۆ دامەزراندنی نەمامگە

**ماددەی (١) :پێناسەکان**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە – بۆ مەبەستی ئەم ڕێنمایانە - واتاکانی ڕوونکراوەی هەر یەک لەوانەیە:

١. **وەزارەت:** وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان _ عێراق
٢. **وەزیر** : وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو
٣. **بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان .
٤. **بەڕێوەبەرایەتی باخداری** : بەڕێوەبەرایەتی باخداری لەناو یەکەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان .
٥. **بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان:** بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارە سەربەخۆکان.
٦. **نەمامگە** : نەمامگەی بەرهەمهێنانی نەمامی دارستان و باخداری ( میوە و جوانکاری و شەتڵی سەوزەوات).

**ماددەی (٢): مەرجەکانی زەوی تایبەتمەند بۆ دامەزراندنی نەمامگە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:**

١. ئەگەر زەوی کشتوکاڵی بێت ، پێوستە کەسی داواکاری مۆڵەتی نەمامگە خاوەن مولکەکە بێت یان مافی بەکارهێنانی هەبێت و یان بەکرێگیراو بێت بۆ ماوەیەکی درێژ یان بە بڕیاری دابەشکردن بە پێی گرێبەستی کشتوکالی هەمیشەیی یان بە بڕیاری دابەشکردن بە پێی یاسا .
٢. ئەگەر زەوییەکە لەناو سنوری ماستەر پلانی شارو شارۆچکەکان بێت پێویستە داواکاری مۆڵەت ڕەزامەندی یاسایی لە شارەوانی ناوچەکەی هەبێت .
٣. پێویستە ئەو زەویەی نەمامگەی لەسەر دروست دەکرێت بەراو بێت یاخود بە هۆکارێک ئاو بدرێت کە چەسپێندراو بێت لە بڕیاری تەسویە یان وێنەی تۆماری زەوییەکە ئاماژەی بە سەرچاوەی ئاوەکە کرابێت. ئەگەر سەرچاوەی ئاوەکە بیر بوو ، پێویستە مۆڵەتی هەڵکەندنی بیری هەبێت.

**ماددەی (٣):**

مۆڵەت دەدرێت بەدامەزراندنی نەمامگە لەسەر ئەو زەوییانەی کە (تسوية) نەکراون و ماددەی (٨) لە یاسای ژمارە ( ٩٠ ) ی ساڵی ١٩٧٥ یاسای ڕێکخستنی زەوی کشتوکاڵی لە هەرێمی کوردستان کە ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی(حکم الذاتی) دەیانگرێتەوە بەر ئەم یاسایە دەکەون بەم مەرجانەی خوارەوە :

١. وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی بۆ ئەو زەویانەی کە خاوەنداریەتی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە.
٢. پشتگیر کردنی فەرمانگەی کشتوکاڵی ناوچەکە ( لق یان بەشی زەویەکان) .
٣. پشتگیری ئەنجومەنی گوند لەگەڵ (٢) شاهیدی دانیشتووی هەمان گوند .
٤. زەویی هێڵکاری (مرتسم) لە لایەن رووپێوی کشتوکاڵی لە ناوچەکە بۆ دروست بکرێت و لە لایەن فەرمانگەی کشتوکاڵی ناوچەکە پەسەند بکرێت.
٥. ڕەزامەندیی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی زەوی وزار وەربگیرێت .

**ماددەی (٤) : رووبەری ڕێگە پێدراو:**

١- دەبێت ڕووبەری نەمامگە ی دارستان و باخداری (میوە) لە (٥ ) دۆنم کەمتر نەبێت.
٢- دەبێت ڕووبەری نەمامگەی جوانکاری و شەتڵی سەوزەوات لە(٣) دۆنم کەمتر نەبێت.
٣- ئەگەر پرۆژەکە وەبەرهێنان بوو و زەوی پرۆژەکە لەلایەن فەرمانگە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمەوە دابین کرابوو، نابێت لە هەموو حاڵەتێکدا ڕووبەرەکە لە (٥٠) دۆنم زیاتربێت .

**ماددەی (٥): ڕێکارەکانی پێدانی مۆڵەت**

١- داواکار داوا پێشکەش دەکات لە ڕێگەی هۆبە و بەڕێوەبەرایەتیەکانی کشتوکاڵ و بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان لە ناوچەکە لەگەڵ پێشکەشکردنی تەواوی زانیاری و نەخشە پێویستییەکان دیاریکراو بن لە داوایەکەدا.
٢- بەپێی جۆری نەمامگەکە داواکە بەرز دەکرێتەوە یان بۆ بەڕێوەبەرایەتی باخداری یا بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان و بەپێی جۆری نەمامگەکە.
٣- ئەگەر داواکار مەبەستی بوو هەردوو جۆری نەمامگەی باخداری ودارستان دابمەزرێنێت لەسەر هەمان پارچە زەوی،داواکە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ دەکرێت و هەرلەوێش مۆڵەتی پێدەدرێت پاش ئەوەی پشکنینی بۆ دەکرێت لەلایەن لیژنەی ئاماژە پێکراو لە مادەی (دەیەم)دا .
٤- پاش پشکنین و ڕەزامەندی سەرەتایی لەلایەن هۆبە و بەشە تایبەتمەندەکان لە بەڕێوەبەرایەتی باخداری و بەڕێوەبەرایەتی دارستان و پاوان نووسراوی فەرمی دەکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی زەوی و زار لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی فەرمانگا و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٥- پـاش وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی لایەنە پەیوەندیـدارەکان و تەواوکردنـی ڕێکـارە یاسـاییەکانی تەرخانکردنی زەویان لاری نەبوونی وەزیر ، ئینجـا لەلایەن بەڕێـوەبەرایەتی تایبەتمەنـدەوەڕێگا پێدانی پێدەدرێت.

٦- ڕێگە پێدانی سەرەتایی تەنیا بۆ (١) یەک ساڵ دەبێت و لەم ساڵە دەبێت داواکاری مۆڵەت وەرگـر هەموو پێداویستیەکانی نەمامگەی ئەنجام بـدات لەوانە بەرهەم هێنـانی شتڵ و نەمـام و ئەگەر بیانوویەکی پەسندکراو (عذر مشروع) ی نەبێت بە پێچەوانەوە ڕێگە پێدانە هەمیشەییەکە هەڵدەوەشێتەوە .

٧- ڕەزامەندی سەرەتایی دەگۆردرێت بۆ مـۆڵەتی هەمیشـەیی پـاش تەواوکردنـی پێداویسـتیەکانی ئاماژە پێکراو لە برگەی (٦) لەوانە کارە ئەندازەیی و هونەرییەکان .

**ماددەی (٦) :**

ئەگەر خـاوەن نەمـامگە پسـپۆری و لێزانـی لە کشـتوکاڵ نەبـوو ، بە پشـت بەسـتن بە پشـتگیری فەرمانگەی کشتوکالی تایبەتمەنـد ، دەبێـت گرێبەستی هەبێت لەگەڵ دەرچوویەکی ئامادەیی یـان پەیمانگە یـان زانکـۆی کشـتوکاڵی کە پسپۆر و لێـزانیەکەی گونجـاو بێـت لەگەڵ کـاری نەمـامگەدا و ڕەزامەندی سەندیکا و لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەبێت .

**ماددەی (٧):**

پێویستە خاوەن نەمامگە پەیوەست بێت بە یاسای کەرەنتینە (الحجر الزراعي) کشتوکاڵی بەرکـار لە هەرێم وسەرجەم ڕێنماییە هونەرییەکانەوە چ ئەوانەی لەیاسای دارستانی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٢)دا ئاماژەیان پێدراوە یان لە لایەن فەرمـانگە پەیوەندیـدارەکانەوە ئاراستە دەکرێـت، بـۆ ئەو مەبەستە (بەڵێننامە)ی فەرمی لێ وەردەگیرێت.

**ماددەی (٨):**

١. وەبەرهێنەری داواکاری دامەزراندنی نەمامگە لەسەر زەوی بـۆ تەرخـانکراو پێشکەش دەکـات بە پێی یاسای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٤) سالی (٢٠٠٦) یان هەر یاسایەکی تـر کە جێگـای بگـرێتەوە، لەگەڵ بەهەنـد وەرگرتنـی ئەو ڕێنمایـانەی کە لە ماددەکـانی دووەم و پێنجەم دا هاتوون ، و بۆ ئەمەش پێویستە ڕەزامەندی وەزیر وەربگیرێت.

٢. ئەگەر وەبەرهێـنەر خـاوەن زەوی تەرخـانکراو نەبـوو یـان مـافی بەکارهێنـانی نەبـوو ، ئەوا ئەو تەرخانکردنە هەر چەندە بۆ ماوەیەکی درێژ بێت وەبەرهێنەر ناتوانێـت ببێـت بە خـاوەنی و یـان مافی بەکار هێنان بدات بە کەسێکی تر .

**ماددەی (٩):**

١- پێویستە خاوەنی نەمامگە ساڵانە مۆڵەتەکە نوێ بکاتەوە.

٢- خاوەنی نەمامگە بۆی نیە هیچ گۆرانکارییەک لە نامـامگەکەدا بکـات تەنها بەڕەزامەنـدی لایەنـی مۆڵەتدەر نەبێت.

**ماددەی (١٠):**

١. هەموو بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان لیژنەیەکی هاوبەش پێکدەهێنن بەسەرۆکایەتی نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی زەوی و زار و ئەندامێتی هەر دوو بەڕێوەبەرایەتی باخداری و دارستان و پاوان و رووپێوێك .

٢. لیژنەی ئاماژە پێکراوی برگەی (١) هەڵدەستێ بە پشکنینی ئەو زەویانەی کە لە سنووری پارێزگا یان لە ئیدارەی سەربەخۆ دەکرێن بە نەمامگە.

**ماددەی (١١):** ئەم کرێیانەی خوارەوە وەردەگیرێن لە خاوەن مۆڵەت :

١. (٢٥،٠٠٠) بیست و پێنج هەزار دینار عێراقی کرێی پشکنینی زەوی .

٢. (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینار عێراقی کرێی دەرهێنانی مۆڵەت.

٣. (٤٠،٠٠٠) چل هەزار دینار کرێی نوێکردنەوە و گواستنەوە و وازهێنانی مۆڵەت.

**ماددەی (١٢) :**

١. ئەگەر زەوییە بەخشراوەکە بەگرێبەستی کشتوکاڵی بوو یان بڕیاری دابەشی لەسەر بوو پێویستە داواکاری دامەزراندنی نەمامگە تەنها لە لایەن خاوەنی گرێبەست یان دابەشەکە بێت.

٢. بڕی (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار وەردەگیرێت وەک کرێی ساڵانە بۆ هەر دۆنمێک و گرێبەستەکە لە لایەن هۆبەی یاسا لە بەشی زەوی و زار رێکدەخرێت لە نێوان داواکار و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ لە پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆدا.

٣. خاوەن مۆڵەت بۆی نییە خانوو یان دامەزراوە لەسەر زەوی تەرخانکراو بۆ نەمامگە دروست بکات، جگە لەوانەی کە پێویستن وەك شوێنی مانەوە و ئیدارەی نەمامگە ،کە لە مۆڵەتەکەدا ئاماژە پێکراوە.

**ماددەی (١٣):**

١. خاوەن مۆڵەت بۆی هەیە مۆڵەتەکەی بگوازێتەوە بۆ کەسێکی تر یان وازی لێبهێنێت (تنازل) بەپێی مەرجانەی خوارەوە:

أ. تێپەڕبوونی ماوەی ( ٥ ) پێنج ساڵ بەسەر ماوەی مۆڵەت پێدانەکەی.

ب. بوونی ئەو مەرجانەی لەم ڕێنماییانەدا لەو کەسەی کە مۆڵەتەکەی بۆ دەگوازرێتەوە.

ج. ڕەزامەندی فەرمانگەی کشتوکاڵی تایبەتمەند .

٢- لە کاتی مردنی خاوەنی نەمامگەکە ، خاوەنداریەتی و مۆڵەتەکە دەگوازرێتەوە بۆ میراتگرەکانی لە دوای ڕێکەوتنی میراتگرەکان بە بریکارنامە یاخود ڕێگاپێدانی فەرمی (تخویل) لە نێوان خۆیاندا بۆ دەستنیشان کردنی یەکێکیان وەک نوێنەریان ، و دەکرێت ڕێکبکەون لەسەر بەڕێوەبردنی نەمامگەکە لەلایەن کەسێکی تر جگە لەوانە. و لە کاتی ڕێکنەکەوتنی میراتگرەکان دەکرێت بەڕێوەبردنی نەمامگەکە بدرێت بەو کەسەی کە خاوەن زۆرترین پشکە و داواکاری پێشکەش دەکات بە فەرمانگەی کشتوکاڵ کە مۆڵەتی پێبەخشیوە بۆ دامەزراندنی کەسێک بۆ بەڕێوەبردنی نەمامگەکە ، ئەگەر لە ماوەی ساڵێک لە بەرواری مردن هیچ یەکێک لەو ڕێکەوتنانە لە ماوەی ساڵێک لە بەرواری مردن نەکرا ، ئەوا مۆڵەتەکە و هەموو ئەو مافانەی دەکەوێتە سەری هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (١٤):**

١. بنەماکانی ئەو ڕێنمایانە لەسەر نەمامگەی دامەزراو جێ بەجێ دەکرێت پێش دەرچوونی و پێویستە خاوەنەکانی کار و کردەوەکانیان ڕێکبخەن بە پێی ڕێنماییەکان لە ماوەی (٩٠) ڕۆژ لە دوای دەرچوونی ئەو ڕێنمایانە .

٢. لە کاتی نەبوونی ئەو مەرجانەی کە لە ڕێنمایەکان دا هاتووە ، لەسەر نەمامگەی دامەزراو پێویستە پێش دەرچوونی ئەو ڕێنماییانە نەمامگەکەیان بگۆڕن بۆ شوێنی بەرهەمێنانی نەمام یان پیشەنگای فرۆشتنی نەمام و هەموو ئەو یاسا و ڕێنماییانەیان بەسەردا جێ بە جێ دەکرێت کە بەرکارن.

٣. پێویستە لایەنی تایبەتمەند و پەیوەندار هەڵبستێت بەکۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەو پێشەنگایانەی کە لە برگەی (٢)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێکراوە و ڕێکخستنەوەیان بە پێی ئەو یاسا و ڕێنمایانەی کە بەرکارن.

**ماددەی (١٥) :** لایەنی مۆلەتدەر ، مۆلەتەکە هەڵدەوەشێنێتەوە لەم بارانەی خوارەوە:

١. گۆڕینی ئەو مەبەستەی کە مۆڵەتەکەی پێوەرگیراوە بەبێ ڕەزامەندی لایەنی مۆڵەتدەر.

٢. وەستان لە بەرهەمهێنان بۆ ماوەی ساڵێک بەبێ هیچ بیانویەکی پەسەندکراو.

٣. نوێ نەکردنەوەی مۆڵەت بۆ ماوەی سێ ساڵ بەبێ هیچ بیانویەکی پەسەندکراو.

٤. گواستنەوەی خاوەنداریەتی نەمامگە یان وازلێهێنان بۆ کەسێکی تر ، وەک سەرپێچیەك بۆ بنەماکانی ئەو ڕێنماییانە.

**ماددەی (١٦):**

١. هەموو خاوەن بەرژەوەندییەکان دەتوانن لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی پێراگەیاندنەوە، لەلایەن وەزیر تانە لەو بڕیارە کارگێریانە بدەن کە دەردەچن لە ئەنجامی جێبەجێ کردنی ئەو ڕێنماییانە.

٢. پێویستە وەزیر لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ڕۆژی پێشکەش کردنی تانە وەڵامی تانەکان بداتەوە .

٣. دەشێ تانە لە بڕیاری وەزیر بدرێت بەپێی یاسای ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٨ یان هەر یاسایەکی تر کە جێگای بگرێتەوە.

**ماددەی (١٧):**

ئەو ڕێنمایانە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕۆژی بڵاو کردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**ڕێباز محمد حملان**

**وەزیری کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو بەوەکالەت**